
# وەرزشكارانی خاوەن پێداویستی تـــ

**هەر چەندە وەرزشكارانی خاوەن پێداویستی تایبەت چینێكی گرنگی كۆمەڵگەن و هیوایان زۆرە لە وەرزشكردن، لە شاری هەولێر بۆماوەی سـێ رۆژ لیژنەی پارائۆلۆمپی كوردســتان بە هاوكاری كۆمپانیای پارسیان خولێكی تۆپی باســكەی بۆوەرزشكارانی خاوەن پێداویستی**




تەحسین شێروانی

**(مامۆستا تەحسین شێروانی )راهێنەری خاوەن پێداویستەیەكانی كوردستان لە باری خولەكە هاتە ئاخاوتن وگوتی:** «بەراستی كردنەوەی خولێكی وا زۆر گرنگ بۆ بۆوەرزشـــكارانی خـــاوەن پێداویســـتی تایبەت،راهێنەری وانە بێژ ئەزمونێكـــی زۆری هەبوو ئێمەش وەكو پێویست سودێكی زۆرمان لێ بینی، گوتیشی كردنەوەی هەرخولێك ســـودو گرنگی خۆی دەبێت .ئێمەش تازە دەستمان كردوە بە درووست كردنی تیپی ســـەبەتەی سەركورســـی،ئەو خولـــەش بۆئێمە زۆر پێویســـت بوو،بۆئەوەی زیاتر لە یاساكانی ئاشنا بین و بە شێوازەكانی راهێنان شـــارەزابین، لە بارەی كێشـــەكانی وەرزشكارانی خاوەن پێداویستی تایبەت زیاتر دواوگوتـــی «ئەم یارییە بە نســـبەتی ئێمە تازەیە زانیارییان لەسەر یاساكانی ئەم یارییە كەمە و پێدوایســـتیمان كەمـــە وەكو عارەبانە بۆیاریزانان،بە هیوایـــن كردنەوەی خولی لەم جۆرە بەردەوام بێت،چونكە ســـودی زیاتر لێ دەبینین .



ڤیان حمە باقی

**(ڤیـــان حمـــە باقی )بەشـــداربووی خولەكە گوتی:** «بۆیەكمجارە لە هەرێمی كوردستان خولێكی لەم جۆرە دەكرێتەوە لەســـەر ئاستی هەموو شـــارەكانی كوردســـتان،خولێكی زۆر ســـەركەوتوو بوو،پێشتر خولی لەم جۆرەمان بۆنەكراوەتـــەوە كە ســـێكی پســـپۆر لە بوارەكـــە وانەكانی دەگوتەوە،سودێكی زۆرمان بینی لە خولەكە .بەهیوای ئەوەشـــین ئەم خولە یەكەم خـــوڵ و دواین خوڵ نەبێت بۆوەرزشـــكارانی خاوەن پێدوایســـتی تایبەت، گوتیشـــی ئێمە كێشەمان گەلێك زۆرە تارادەیەك چارەسەریان كراوە بەڵام هێشتا ماوە وەكو نەبوونی شوێنێك بۆئەنجامدانـــی مەشـــقەكانمان و نەبوونی پێدوایســـتی وەرزشی وەكو كورسی ئەمانەش هەمـــووی هۆكارن بۆئـــەوەی نەتوانین ئێمە بەردەوام بین لە وەرزش كردن،ئێســـتا یاریزان زۆرە بێتە نێو ئەم وەرزشـــە بـــەڵام بە هۆی نەبوونی كەڵ و پەلی پێویســـت لە وەرزشەكە دووركەوتۆتەوە،بەهیـــوای ئەوەیـــن لایەنـــی بەرپرس بتوانن پێویســـتیەكانی وەرزشكارانی خـــاوەن پێدوایســـتی تایبەت دابیـــن بكەن بۆبەردەوامنیان لە وەرزش كردن .گوتیشـــی ئێمە چەندین پاڵەوانمان هەیە لە یارییەكانی تریش بەشـــدارین نـــەك تەنیا لە باســـكە بەڵكو یاریزانی تۆپی سەرمێز ومەلەوانی وگۆڕەپان ومەیدانمان هەیە .



نەسرین ئیسماعیل

**(نەسرین ئیسماعیل)بەشداری بووی خولەكە گوتی:** «بەراستی ئاستی خولەكە زۆر بەرز بوو .ئەوكەســـانەی كە بەشداریان تێداكردبوو زۆر بە گڕوتینەوە هاتبوون بۆخولەكە لە هەر چوارشارەكەی كوردستان. خولەكە كێشەیەكی هەبـــوو ئەویش ماوەی خولەكـــە بوو كە زۆر كەم بوو سێ رۆژ خولێكی وا گەورە وفراوان سێ رۆژ زۆر كەم بوو دەبوایە ماوەی خولەكە درێژتر بوایە، مامۆســـتای وانە بێژەكەش بە ئێمەی گوت ئەوەی بە مانگێگ كۆكراوەتەوە من بچوكـــم كردۆتەوە بۆســـێ رۆژ، نازانم هۆكاری چیە ئافرەتانی وەرزشوانی كوردستان لە شارەكان زۆر بەكەمی بەشداری لە وەرزش كردن دەكـــەن. ئافرەتـــە كەمئەندامەكانیش هەر ئەوهان كە بەكەمی بەشـــداری خولەكەن دەكەن،هـــەر چەندە راگەیاندنـــەكان هەولی ئەوەیـــان داوە ئافـــرەت بهێنە ناو وەرزش بەڵام هێشـــتا وەكو پێویست نیە كردنـــەوەی خولەكە ئێستا كا تێكـــی





# ـــايبەت هیوایان زۆرە

**تایبەتی شارەکانی کوردســـتان لە هۆڵی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی کردوە،لـــە خولەکەشـــدا چەندین وانەی تیـــۆری و پراکتیکی لەلایەن مامۆستایانی پسپۆر دەگوترانەوە،لەم ناوەشدا فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان ئەم راپۆرتەی ئەنجامدا.**

لە بار نیـــە چونکە زۆربـــەی کەمئەندامان هەیانـــە قوتابی و فەرمانبەرن .ئاماژەشـــی بـــە کێشـــەکانی کەمئەندامـــان داو گوتی «کێشەمان زۆرە وەکو هات وچۆ کە کارێکی زۆر گرنگە ئێمەی کەم ئەندام ئۆتۆمبێلێکی تایبەت هات وچۆمـــان پێ بکات .گرنگی خـــۆی دەبێت بۆئێمـــە ئەوانیش خەمی هات وچۆیان نابێت. نەبوونـــی ئامێریش بۆیاری کردن کارێکـــی گرنگـــە،داواکارم لەلایەنی بەرپرس زیاتر پشـــتگیرمان بکەن بۆخزمەت کردنی وەرزشـــی خاوەن پێداویستی تایبەت و خولی زیاترمان بۆبکەنەوەومامۆســـتای وانە بێژی تایبتمان بۆبهێنن.

**(رێبـــاز کاکل) یاریزانی خاوەن پێداویســـتی تایبەتی شـــاری هەولێر گوتی:** «گەر بێن باسی خولەکە بکەین خولێکی زۆر سەرکەوتوو بوو .ســـودێکی باشی هەبوو بۆبەشداربووانی خولەکـــەش چونکـــە مامۆســـتای وانە بێژ (ئاغـــای غفـــوری) کۆمەلێك شـــتی تایبـــەت بە پارائۆلۆمپـــی بۆکەمئەندامـــان هێنایـــە کوردستان،کە تا ئێســـتا ئێمە ئاشنا نەبووین بەو بابەتانە زۆرشتی بەسود باس کرا کە ئێمە نەمانزانی بوو .گوتیشی ئێمە وەکو یاریزانانی خاوەن پێدوایســـتی تایبەت کۆمەلێك کێشەو گرفتمان هەیـــە وەکو نەبوونی ئۆتۆمبێلێکی تایبەت بۆگواستنەوەمان و نەبوونی توانایەکی دارایی بـــاش بۆیاریزانـــان چونکە زۆربەی یاریزانان توانای ئەوەیان نیە بتوانن لەســـەر گیرفانـــی خۆیان هاتوچۆ بکەن .هەر چەندە کاری باشـــیان کردیە بەڵام بەهیواین خولی زیاترمان بۆبکەنەوە .

**(فەرهەنـــگ حوســـێن)یاریزانی باسکەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە باری خولەکە وەها هاتە ئاخاوتن و گوتی** «خولێکـــی زۆر باش بوو لە هەردوو رووی پراکتیکی وتیۆری شـــتی زۆر بـــاش بـــاس کـــرا لەلایەن مامۆســـتای وانـــە بێـــژ هیوادراین ئەگەر بتوانن خولی لەم جۆرە ساڵانە بۆئێمەی کەمئەندامان ئەنجام بدەن،بە شێوەیەکی باشـــتر ئاوڕ لەوەرزشی کەم ئەندامـــان بدرێتەوە،کردنەوەی ئـــەم جۆرە خولانەش بۆئێمە گرنگی تایبەتی هەبوو،لە رووی خولەکەش ئەوەی مامۆستای وانـــە بێژ باســـی کرد بابەتـــی زۆر تازە بوو بۆیاریزانانـــی پارائۆلۆمپی،گوتیشـــی بـــە هیوای ئەوەیـــن ئاورمان لێ بدرێتەوە لەلایەن بەرپرســـان وهۆڵی تایبەت و پاسی تایبەتمان بۆدابین بکرێـــت بۆئەوەی ئێمەش ســـودی زۆری لی بینین .لە وەرزشـــکردنمان چونکە ئێمە پێویســـتیمان بە لا لێ کردنەوەیە چونکە کۆمەلێك کێشەمان هەیە .

**(ئاغایی غفوری)وانە بێژی خولەکە گوتی:** «گوتـــی من نامەوێ زیاتر بە شـــان وباڵی خۆم داهەڵبلێـــم لە باری خولەکـــە دەتوانی بچیت .لـــە بەشـــداربوەکان بپرســـی بزانی ئاســـتی خولەکە چۆن بوو،گوتیشی ئەگەر لێژنەی پارائۆلۆمپی کوردســـتان داوامان لێ بکەن بۆئەوەی خولێـــك بکرێتەوە لە وولاتی ئێران ئێمەش ئامادەیـــن .بۆئەوەی هاوکاریان بکەین،گوتیشی کردنەوەی خولْ بۆئەم خاوەن پێداویســـتیانە زۆر پێویستە بۆئەوەی ئاستیان بەرز بێتەوە .



رێبازکاکل



ئاغایی غفوری





بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021
Email: sport@gulan-media.com



# ئیتاڵیا پارێزگاری دەكات لە نازناوی جیهانی یاری جمناستێكی ژێدار

لـــە چوارچێـــوەی بـــۆ جمناســـتیكی ئیقاعـــی، كـــە پاڵەوانیەتـــی جیهانـــی پاڵەوانیەتیەكە لەمۆسكۆی پایتەختی

## حەنان ساڵح یاریزانی باڵەی یانەی سیروانی شارەزوور:

# هیوادارم خانەوادەی كیژان رێگر نەبن لەبەردەم وەرزش كردنی كیژانیان

**لە دایك بووی ساڵی ١٩٩١ی قەزای هەلەبجەی شەهیدە،یەكێكە لە یاریزانە بەتواناكانی یاری باڵە و خاوەن ئاستێكی بەرزە لە یاری كردندا، لە پاڵەوانێتی خولی شیاندنی یانە پلە یەكەكانی كوردستانی توانی سەرنجی زۆربەی یانەكانی كوردستان و جەماوەری وەرزش دۆست بۆخۆی ڕابكێشێ، ئێمەش ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***ئاســـتی یاری باڵە لای كچان لەكوردســـتان چۆن دەبینی ؟**

-ئاســـتێكی باشی هەیە ئەم یارییە لە كوردستان بە تایبەتـــی لە ناوچەكەی ئێمە گرنگی زۆری پـــێ دەدرێـــت .بـــە تایبەت یانەكەمان زۆر گرنگی بەم یارییە دەدات.

***بە بۆچوونی تۆ چی بكرێت باشە بۆبەرەوەپێشچوونی ئەم یارییە؟**

-بەهیوایـــن یانەكانـــی كوردســـتان زیاتر گرنگی بە یـــاری باڵـــەی كچان بدەن هەوڵ بـــدەن یاریزانی زۆرتربهێنە نێو ئەم یارییە وهۆڵی تایبەت دروست بكرێت بەم یارییە.

***كێشەو گرفتان چییە لەم یارییەدا؟**

-كێشـــەو گرفتەكانمـــان نەبوونـــی هۆڵێكـــی داخراوە،ئێمـــە لەســـەر یاریگای تارتان مەشق دەكەین لەبەر تیشـــكی خۆر ئـــەوەش كاریگەری دەبێت لەسەر ئاستمان.

***داواكاریت چییە لەلایەنی بەرپرس ؟**

- بەهیوام بتوانن هۆڵێكمان بۆبكەنەوە چونكە زۆر پێویستیمان پێیەتی

***ساڵانە كردنەوەی یەك پاڵەوانەتی بۆئێوەی كچان كەم نییە ؟**

-زۆر كەمە ئێمە یەك ساڵ بۆیەك خولی چەند رۆژی خۆمان ئامادە دەكەین ئەوەش زۆر كەمە هیوادارم خولەكانی ماوەی درێژتر بێت .

***راگەیاندنەكان وەكو پێویست گرنگیان بە ئێوە داوە؟**

-بۆئێمەی كچان نەخێر،راگەیاندن لە ئاستی كچان وەكو پێویست نییە

***هیواو ئاواتت وەكو یاریزانێك ؟**

-بتوانم ئاســـتێكی بەرز لـــەم یارییە پێشـــكەش بكەم وســـەری یانەكەم بەرزكەمەوە.

***دەستەی كارگێری یانەكەتان چۆن هاوكاریتان دەكەن ؟**

-سوپاسیان دەكەم هاوكاری باشمان دەكەن.

***پەیامت چییە بۆئەو خێزانانەی كە رێگری لە كچەكانیان دەكەن لەوەرزش كردنیان ؟**


-هیوادارم خانەوادەكان رێگری لە كچانەكانیان نەكەن بەڵكو هاوكاریان بكەن وەكوخۆشم،سوپاسی دایك و باوكم دەكەم

***چی بەو كچان دەڵێی كە وەرزش ناكەن ؟**

-هیوادریشـــم ئەوانەی دوورن لـــە وەرزش بەزووتریـــن كات روو لە وەرزش بكەن.

***چیت ماوە لە كۆتایدابۆ گۆڤاری گوڵان؟**

-زۆر سوپاســـی گۆڤاری گوڵان دەكەم .بەهیوام گۆڤاری گوڵان بەردەوام بێت لەبەسەر كردنەوەی كچە وەرزشكارانی شارەكانی كوردستان.






رووسیا ئەنجامدرا هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئیتاڵیا توانیان پارێزگاری لە نازناوەکەی خۆیان بکەن دوای ئەوەی توانییان پلەی یەکەم بە دەستبهێنن لە هەمان کاتدا رووسیای سپی پلەی دووەمی بە دەستهێنا و هەڵبژاردەی رووسیا پلەی سێیەمی بە دەستهێنا.


جێگەی باسە جمناستیکی ئیقاعی یارییەکە تەنیا ئافرەت ئەنجامی دەدات و هەر تیپێك لە ٥ یاریزان پێك دێت.

# سیرینا ولیامس لە پێشەنگی یاریزانە پیشەگەرەکانی جیهان دێت

یەکێتی پیشەگەری جیهانی بۆ تێنسی سەر زەوی ریزبەندی یاریزانەکانی بۆ ئەم مانگە ئاشکرا کرد، کە تیاییدا یاریزانی ئەمەریکی سیرینا ولیامس لە پێشەنگی یاریزانە جیهانیەکان دێت و بە جیاوازیەکی زۆر لەگەڵ کارولینا فوزنیاکی دانمارکی خاوەن پلەی دووەم، ئەمەی خوارەوە ریزبەندی باشترین ١٠ یاریزانی جیهانە لەسەر ئاستی ئافرەتان

١- سیرینا ولیامس ئەمەریکا ٦٩٩٥خاڵ
٢- کارۆلینا فۆزنیاکی دانیمارك ٥٩١٠ خاڵ
٣- ڤینوس ولیامس ئەمەریکا ٥٧٩٦ خاڵ
٤- ڤیرا زفۆناریفا رووسیا ٥٥٥٠ خاڵ
٥- کیم کلیسترز بەلجیکا ٥٣٢٥ خاڵ
٦- یلینا یانکۆڤیتج سربیا ٥٢٠٥ خاڵ
٧- سامانسا ستۆسر ئوستراڵیا ٤٩٥٠ خاڵ
٨- فرانشیسکا سکیافۆنی ئیتاڵیا ٤٦٧٠ خاڵ
٩- ئەنییسکا رادفانسکا پۆلەندا ٣٩٩٥ خاڵ
١٠- ئیلینا دیمنتیفا رووسیا ٣٩٤٥ خاڵ.

جێگەی باسە سیرینا ولیامس هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە لە یاریگاکانی تینسی سەر زەوی دوورکەوتۆتە بەهۆی پێکان و لە چەندین پاڵەوانیەتی گەورە بەشداری نەکردووە، بەڵام توانی پارێزگاری لە پێشەنگی یاریزانەکان بکات.





# مایكل شوماخر له فۆرملاوان بەردەوام دەبێت



دوای ئەوەی مایكل شــۆماخر دووبارە گەڕایەوە نێو پێشبركێكانی فۆرملاوان و لەگەڵ تیپی مرسیدس، بەڵام لەم وەرزە ئاســتی شۆماخر وەكو پێویست نەبوو زۆربەی چاودێرەكان پێشبینی ئەوە دەكەن، كە شۆماخر لەگەڵ تەواوبوونی وەرزی ئەمســاڵ بە یەكجاری واز لە فۆرملاون دەهێنێت، بەڵام لە پاڵەوانیەتی ســەنگافۆرای نێودەوڵەتی شــۆماخر لە لێدوانێكیدا بۆ رۆژنامەنووســان ئەوەی ئاشــكرا كرد، كە بە هیچ شێوەیەك بیری لە وازهێنان نەكردۆتەوە و بەردەوام دەبێت لەركابەریكردن بۆ پێشــبڕكێكانی فۆرملا ون.

لە درێژەی قســەكانیدا شــۆماخر وتی: ئێمە بیر لە بەدەستهێنانی دەســتكەوت دەكەینەوە ئەگەر ئەمساڵ نەمتوانی بەدەستی بهێنێن ئەوە بۆ ساڵی داهاتوو خۆمان زیاتر ماندوو دەكەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باشتر بەدەستبهێنین و ركابەری لەسەر نازناوی پاڵەوانیەتی فۆرملاوان بكەین.

جێگەی باسە مایكل شۆماخر یەكێكە لە ئەستێرە بەناوبانگەكانی فۆرملاوان و خاوەن چەندین ژمارەی پێوانەییە لە پاڵەوانیەتیەكانی فۆرملاوان.

# پاڵەوانی جیهان لە بۆكسین حەز دەكات لە ئیمارات یاری بكات

ئەفسانەی یاری بۆكسێنی فلپینی مانی باكیاو حەز دەكات یارییەك لە شاری ئەبو زەبی پایتەختی وڵاتی ئیمارات ئەنجام بدات، چونكە ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی فلپین لەم شارە كار دەكەن.
لەمبارەیەوە یاریدەدری راهێنــەری باكیاو لە لێدوانێكی دا گوتی: باكیاو لە پرۆگرامی دایە یارییەك لەسەر نازناوی جیهانی لە شاری ئەبــو زەبی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی هاوەدارانی لەم شــارە لە چێژ وەرگرتن لە هونەرەكانی باكیاو بێ بەشە نەبن و هەروەها ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی فلیپین لەم شــارە كار دەكەن بۆیە پێشبینی دەكات ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە هاندەران ئامادەی یارییە بن.
لە درێژەی قســەكانیدا یاریدەدەری راهێنەری باكیاو گوتی: باكیاو حەز دەكات یارییەك دژی بۆكسینی مەكسیكی ئەنتۆنیۆ مارگیرتۆ ئەنجام بدات.
جێگەی باســە بۆكســینی فلیپینی مانی باكیاو یەكێكە لە كەسایتیە هەرە بە ناوبانگەكانی فلپنیە و لە هەڵبژاردەنەكانی كۆنگرس لە وڵاتەكەی و توانی سەركەوتن بە دەستبهێنێت.



# كۆامی براون تووشی پێكانێكی سەخت هات

یانەی تشارلۆت بۆبكاتس، كە لە خولی پیشەگەرەكانی ئەمەریكا بۆ تۆپی باسكە یاری دەكات رایگەیاند، كە یاریزان كۆامی براون بــۆ ماوەی ٤ تا ٦ هەفتە لە مەشــقەكانی یانە دوور دەكەوێتەوە بەهۆی پێكان.
كۆامــی براون لە كاتی مەشــقی رۆژانەی یانەكەیدا تووشــی پێكانێكی سەخت هات لە قاچی چەپی، بۆ ئەم مەبەستە پزیشكی یانــە بریاری داوە كۆامی براون بۆ مــاوەی ٢ هەفتە پێلاوێكی تەندروستی تایبەت لەبەر بكات دواتر چارەسەر دەكرێت.
كۆامی براون مانگی رابــردوو بە بڕی ١,٣ ملیۆن دۆلار چووە ریزی یانەی تشارلۆن بۆبكاتس بۆ ماوەی یەك وەرز.
جێگەی باســە كۆامی براون لە یانەكانی دیترۆیت بیســاتونز و واشنتۆن ویزارد یاری كردووە.






# ماكاو بووە پاڵەوانی مارسۆنی بەرلین

لە چوارچێوەی مارسۆنی بەرلین، کە لە وڵاتی ئەڵمانیا ئەنجامدرا بۆ پیاوان و ئافرەتان یاریزانی باتریك ماكاو توانی نازناوی ئەم ماراسۆنە بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی پلەی یەکەمی بە دەستهێنا بە ماوەی دوو کاتژمێر و پێنج خولەك و یاریزانی کینی جیفری موتای پلەی دووەمی ماراسۆنەکەی بە دەستهێنا بە جیاوازی دوو چرکە لەگەڵ خاوەن پلەی یەکەم و یاریزانی ئەسیوبی بازو ورکۆ پلەی سێیەمی بە دەستهێنا.
لەسەر ئاستی کچان کچە یاریزانی ئەسیوبی کیبیدی توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی ماوەی ماراسۆنەکەی بە بڕی ٢ کاتژمێر ٢٢ خولەك تەواو کرد و کچە یاریزانی ئەسیوبی بیزونیش بیکیلی پلەی دووەمی بە دەستهێنا و کچە یاریزانی ژاپۆنی تۆمۆ مۆریمۆتۆ پلەی سێیەمی بە دەستهێنا.
جێگەی باسە ماراسۆنی بەرلین یەکێکە لە ماراسۆنە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان.

# لیو شانغ داوای لێبوردن لە مامۆستایەکانی چین دەکات

یاریزانی بەناوبانگی چین لە راکردنی ١١٠م بەربەست لیو تشانغ بە فەرمی داوای لێبوردنی لە مامۆستایەکانی چین کرد.
لیو تشانغ پاڵەوانی پێشووی جیهان لە راکردنی ١١٠م بەربەست لە ماڵپەری فەرمی خۆیدا جەژنی مامۆستایانی چین بە جەژنێکی شەرمەزار وەسف کرد، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێك کە قوتابی بووە زۆر هەستی بە شەرمەزاری دەکرد کاتێك مامۆستایەکانی چین وانەی تایبەتیان بۆ قوتابیان دوتەوە و هەروەها هەردەم لە ماۆمستایەکانی ترساوە جا چ لە کاتی تاقیکردنەوەکان بێت یا لە وانە گۆتنەوەدا.
دوای ئەوەی رەخنەیەکی توند ئاراستەی یاریزانی ناوبراو کرا، لیو تشانغ لە ماڵپەری تایبەتی خۆیدا بە فەرمی داوای لێبوردنی لە گشت مامۆستایەکانی چین کرد و وتی: دەبێت کەسایەتیە بەناوبانگەکان زیاتر ئاگاداری لێدوانەکانی خۆیان بن و ئاگاداری هەڵسوکەوتی خۆیان بن.
جێگەی باسە لیو تشانغ خاوەن ملوانکەی زێری ئۆلۆمپیادی ئەسینا ٢٠٠٤ە، بەڵام لە ئۆلۆمپیادی پەکین ٢٠٠٨ نەیتوانی پارێزگاری لە نازناوەکەی بکات دوای ئەوەی تووشی پێکانێکی سەخت هات، ئێستا لە وڵاتی ئەمەریکا چارەسەری پێکانەکەی دەکات و وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم یاریزانە بەشداری لە پاڵەوانیەتی یارییەکانی ئاسیا بکات، کە لە وڵاتی چین ئەنجام دەدرێت.

